# ئەویٚ سادەترە لیٚرە



حەسەن مستەفا

لە شاری پڕنووری گلۆپ ، ئەڕوانمە بناری چیا ، ئەو بنارەی بە دیمەنی ( دیٚ ) وە جوانە ، بەیانیان تیشکی رۆژ شەپۆلی رەنگەکان پەخشەکات لەسەر جەستەی رووت و تەڕی ئاودامان بە بارانی شەو ، ئەو شەوەی کە کپی کردو و بردییە نیٚو قولاٚیی خۆشترین خەو ، خەویٚك کە ئەفسانەی نیٚو حیکایەت رایئەهەژاند، لەویٚ کۆمەلیٚك مرۆڤ ... شیرین وەك ناوکی کاهو ..سادە وەك ساکاری بەفر کە هیچ پیٚیەك خرچە خرچی لیٚوە نەهیٚنابیٚ .

ئەوانیش کە لە شاری پڕ نوورم دەڕوانن ، خۆزگە بۆ ئەوە دەخوازن شەویٚك لیٚرە گەرم ببنەوە ، لەوە تیٚناگەن گەرمایی ئیٚرە بۆ ئەوان دەست نادات ، تازە ئەوان بە گەرمایی خۆر راهاتن ، خۆر فرسەخ فرسەخ چۆتە نیٚو قولاٚیی رۆحیان ، ئەوان کە خۆیان لە چۆم دەشۆن تیشك لە ئاو دەدزن ، کە لە نوالەکان ملانەی یەکتر دەگرن و یەکتر دەگەوزیٚنن بۆنی بەهار دەمار دەمار بە نیٚو جەستەیان دەگەڕیٚ و شادی گەراکانی جیٚدەهیٚلیٚ ، ئەوان لەسەر گابەردیٚك پڕ بە قوڕگیان هاوار دەکەن ، هەموو ئەشکەوت و تولەڕیٚ و رەوەزو کاریٚزو دارەکان گویٚیان قولاٚغ دەکەن و گویٚ لە رازیان دەگرن ، بە پیٚچەوانەی ئیٚرە هەتا واعیزەکان نەچنە سەر سەکۆو مینبەرەکان گویٚگرەکان لۆکە نائاخننە گویٚیان ، ئەویٚ سادەترە لیٚرە ...کە پاشماوەی گیانلەبەریٚك پەلەیەك دروست دەکات لە سەر بەرگیان ، قیٚن هەلناگرن بەرامبەریان ، چونکە تیٚکەلیان بوونە بە گیان . ئەوان هەر بە سروشت پیٚناکەنن ، بەلکو بەرامبەر هەموو وشەیەك بەرامبەر هەموو رستەیەك کە تازەبیٚ و لەلایان مالی نەکرابیٚ ئەوان هەر پیٚی پیٚئەکەنن تا تەواو دەستەمۆی ئەکەن ، کەچی لیٚرە مرۆڤەکان بە بۆنی یەکتر هەراسانن ، بەو وشانەی لە دەمیانا هەلئەوەریٚن کۆمەلیٚك چاوی پڕگومان ئەنیشنە سەریان ، تا وەڕسیش ئەبن لە رستەی یەکتر هەلدەدەن.

ئەوان .. چاویان رەنگی نایلۆنی میوە هەلی ناخەلەتیٚنیٚ و وەرزشیش نابەنەوە هۆلە داخراوەکان و جگەرەش هەرگیز ئەوان ناکوژیٚ . ئەوان .. رۆژانە گویٚبیستی یەکەم ئامیٚری مۆسیقا دەبن کە تەواوی ئالەتەکان لە دامیٚنی ئاوازەکانی ئەوەوە کەوتوونەتەوە ، ئەوان سەرچاوەن ، کۆمپلیٚکسی ڤیتامینەکان سەرەتا ئەوان وەری دەگرن ژاوەژاوی خەلك و پەیڤی دووبارەی رۆژانە ئەوان قەلس و بیٚزار ناکات ( ئاوازیٚکیش کە بەزیندویٚتی لە دەروونیان دەمیٚنیٚتەوە ئاوازی جاویدانی شمشالە) . هیچ نۆبەتیٚك ئەوەندەی نۆبەتی بیٚری کردن سەرنج راکیٚش نیە بەلایانەوە ،کەچی لیٚرە ریزبەستن و نۆبەتگرتن ئەوپەڕی رەگی بیٚزاری رواندووە لە دەروونیان و کەم پیٚویستیش هەیە ئەو شەڕەفەی پیٚڕەوا نەبینرابیٚ .

لیٚرە لە ترسی گەزگرتنی گەرمای هاوین پەنا بۆ هەموو وەسیلەکانی فیٚنککەرەوە دەبەن ، کەچی لەویٚ شنەی چناریٚك یان وردەوردە بزووتنی پەلکەکانی پیرە بییٚك هەرگیز وەسیلەیەکی لەو جۆرەیان ناخاتەبیر . ..لیٚرە لەجیاتی خوڕەخوڕی ئاوی چەم ، لەشادەماری بازاڕدا گویٚت لەپیٚکدادانی دەنگی بازرگانە پیٚکناکۆکەکان دەئاخنریٚ . لیٚرە بەرژەوەندی ناکۆکی دروست دەکات کەچی لەویٚ بەرژەوەندی بەرژەوەندی دروست دەکات . کەواتە ئەویٚ سادەترە لیٚرە .

Rawandiz_g@yahoo.com